بسم الله الرحمن الرحيم

كۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان / عێراق ﴿وَما أرسلناكَ إلا رحمةً للعَالَمين﴾ الجماعة الإسلامية الكوردستانية / العراق

ئەمیر الأمير

بسم الله الرحمن الرحيم

برای بەڕێزمان: جەنابی کاك ڕەجەب تەیب ئۆردوغان/ سەرۆکی پارتی دادگەری و گەشەپێدان

السلام عليكم ورحمة الله

پاش سڵاو و ڕێز

بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە حیزبەکەتان لەم هەل و مەرجە هەستیارە دا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا دا وەدەستی هێنا، بەناوی خۆم و سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم و دەستخۆشییش لە خەڵکی مسوڵمانی تورکیا دەکەم کە جار لەدوای جار هەنگاوی باشتر بەرەوپێش دەنێ لەبواری گەڕانەوە بەرەو ڕەسەنایەتیی دا.

هیواداریشین حیزبەکەتان بتوانێ دادگەری زیاتر و گەشەپێدانی چاکتر لە وڵاتی تورکیا دا سەقامگیر بکات و، کێشەی لەمێژینەی گەلی کوردیش بەشێوەیەکی دادگەرانە و لێزانانە چارەسەر بکات و کۆتایی بەو کوشتارە نێوخۆیی یە بێت.

هەروەها ئومێدەواریشین کە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دا پەیوەندییەکی پتەوتر و ئیجابی تر بێتە کایەوە کە دیارە هەر ئەوەش لە بەرژەوەندی هەموو لایەك دایە.

والسلام عليكم ورحمة الله

براتان: عەلی باپیر

ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان/عێراق

9/رجب/1428 - 2007/7/23

هەولێر

E-mail: alibapir@alibapir.com www.alibapir.com